# لێدوانەکەی سەرۆکی هەرێم
# لەنێوان مقەدەساتی نەتەوەی و بەرژوەندی چینایەتیدا !

**ڕێبوار عارف**
fediraq@welho.com

**لەماوەی چەند هەفتەو مانگی ڕابردوودا سروودی ئەی ڕەقیب بەشێکی بەرچاوی لە ڕووبەری گۆڤارو ڕۆژنامەکانی کوردستانی بەخۆیەوە داگیرکردو گەلێك کەسایەتی ودەستەو کۆڕوکۆمەڵ هەڵوێستی خۆیان لەمبارەوە ڕاگەیاند . تاکار بەوە گەشت کە سەرۆکی هەرێم سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیری ڕۆشنبیری و پەرلەمان و..لەمبارەوە هەڵوێستی خۆیان بەهەر "جیاوازی"ەکەوە ڕاگەیاند .**

**ئەوەی لێرەدا زیاتر جێگەی سەرنجدان وبایەخپێدانی ئێمەیە دواین هەڵوێستی بەڕێز مسعود بەرزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە لە بارەی گۆڕینی سروودی ئەی ڕەقیبەوە. بەر لەهەرشتێك بەپێویستی دەزانین کە دەقی ڕوونکردنەوەکەی سەرۆکی هەرێم بخەینە بەردیدی خوێنەران تا دواتر هەڵوێستەیەکی لەسەربکەین.: ( ماوەیەکە دەنگۆی ئەوە لە ئارادایە کە گوایە دەبێ مارشی ئەی ڕەقیب بگۆڕێ ، من هیچ هۆیەك نابینم بۆ گۆڕینی مارشی ئەی ڕەقیب، چونکە بۆتە بەشێك لەفەرهەنگ ومێژووی پڕ سەروەری گەلی کوردستان وهەروەك ئاڵای کوردستانیش تێکەڵ بووە لەگەڵ موقەدەساتی ئێمە، بۆیە دەستکاری مەحالەو کەسیش بۆی نیە بیگۆڕێ وهەر کەسیش لەمەودوا ئەوبابەتە بوروژێنێ بەخۆی تەحەمولی مەسئولیەت دەکات. پێویستیشە پەرلەمانی کوردستان ئەو سروودە وەك مارشێکی نەتەوەیی بکاتە یاسا تاکەس نەتوانێ داوای گۆڕینی بکات.  مەسعود بارزانی / سەرۆکی هەرێمی کوردستان / 01/ 2007/02 ) .**

**سەرەتا ئەوەفەرز وەردەگرین کە زۆرێك لە خوێنەران ئاگاداری بەرپاکردنی جاروجەنجاڵی گۆڕینی سروودی ئەی ڕەقیبن بۆ سروودی ( کوردستان )، کە شاعیری ناسراو شێرکۆ بێکەس هۆنراوەی بۆ داناوەو هەروەها هەڵکەوت زاهیر ئاوازدانەریەتی. ڕێگەبدەن بالێرەدا بازبدەین بەسەر هۆیەکانی گۆڕینی ئەم سروودەو هەروەها ڕەنگدانەوەی هەڵوێستی پارتی ویەکیەتی. چونکە لەڕاستیدا ناوەڕۆکی هۆنراوە نوێکەی شێرکۆ بێکەس هیچ ڕوانگەیەکی جیاوازو دابڕاونیە لەهونراوەکەی دڵداری شاعیر، خاڵی هاوبەشی هەردوو هۆنراوەکە مقەدەس ڕاگرتنی نەتەوەپەرستی میللتگەراییە لەبەرامبەریشدا چاوپۆشینە لەچارەنووس وماف وئازادیەکان وژیانی خەڵکەکەی. تابەهەڵوێستی حزب و لایەنەکانیش دەگەڕێتەوە کێشەیان وەلامدانەوەو گونجاو بوون ونەبوونی هەرکام لەم دوو سروودەیە نیە بەهەمان ئەو ماف وئازادیانەی خەڵکی کوردستان. کەواتە با لەم کێ بەرکێ وهاتووهاوارە گەڕێن وبزانین ئەوە چ حکمەتێکە جارێکی تریش بەڕێز مسعود بەرزانی سەر بۆ بڵندبوونی سروودی ئەی ڕەقیب نەوی دەکاو وەك بەشێکی گرنگ لە" مقەدەساتی نەتەوەیەك" ئاماژەی پێدەکات. هەقیقەت ئەوەیە کەلەچەند ساڵی ڕابردودا بەڕێز مسعود بەرزانی چەندجارێك مەسەلەی ئاڵای کوردستانی کردە مانێشتی سەرەکی گۆڤارو ڕۆژنامەکانی کوردستان . ئەم جارەیان ئەو ئەگەرچی دواین کەسایەتی بوو کە هەڵوێستی لەسەر سروودی ئەی ڕەقیب نیشاندا ، بەلام هاوکات بووە دواین بڕیاریش بۆ دیاری کردنی چارەنووسی ئەم سروودە !**

**ئەوەی لێرەدا زیاد لەهەرشتێك جێگەی لێوردبوونەوەو تیارامانە، نهێنیەکانی پشتپەردەی لێدوانەکەی سەرۆکی هەرێمە لە پەیوەند بە سروودی ئەی ڕەقیب و واقعی ژیان وماف وئازادیەکانیانی خەڵکی کوردستان لەلایەك و بەرژوەندی چینایەتی حزب ودەسەلاتی خێرلێدیوی ( سروودی ئەڕقیب وئالای کوردستان )یش لەلایەکی ترەوە . زۆرێك لە ئێمە کاتێك کەباس لەبەڕێز مسعود بەرزانی دەکرێت، دەستبەجێ وەبیری ئاشناترین زاراوەی سەرزمانی ئەو بەڕێزە دەکەوینەوە کەئەویش ((سەروەری یاسا))یە. لەبارەی سروودی ئەی ڕەقیبیشەوە وەك مارشی نەتەوایەتی جارێکی تر " یاسا " کرایە پشتیوانەی زیندڕاگرتنی هەتا هەتای ئەم سروودە . جێگەی وەبیرهێنانەوەیە، پاش ڕەسمیەت پێدانی ئەم سروودە وەك "مارشی نەتەوەی" کەس خۆی دووچاری ئەو ڕۆژە ڕەشە نەکات ئەم بابەتە بوروژێنێتەوە، چونکە وەك بەرزانی ئاماژەی پێ دەکات ئەو کاتە ئەو کەسە خۆی تەحەمولی مسئویەت دەکات. سەیرەکە لەوەدایە کە تەواوی یاساو ڕێسای "حکومەتەکەی هەرێم" لە ماوەی 16 ساڵی ڕابردودا نەیتوانی ڕۆژی چوار سەعات کارەبا بۆ خەڵکی کوردستان دابین بکات، تا ئەوکاتە بڵێن ئەلحوکم ولیلا ئەم هەڕەشەو پەنجە ڕاوەشان وسەرزەنشتکردنەش نازی ئەو دەسەلاتەیە کە لەسایەی یاساو سەروەری یاسادا زۆرێك لەماف وپێداویستەیەکانی ژیانی ڕۆژانەمانی دەستەبەرکردوە ، کەواتە کێشە نیە پەرلەمانەکەمان هەم نازیشی هەیەو هەم بازیشی هەیە .**

**ڕێگەبدەن بالێرەدا بۆ تاوێك پەرەگرافی یەکەمی ڕوونکردنەوەکەی بەڕێز بەرزانی بۆماوەیەك بخەینە کەنارەوە ، چونکە زیاتر لەچوار چێوەی بیروڕادەربڕین ولێدانەوەیەکی ئامانجدارانەدا خۆی نیشان دەدات، کەدواتر ئاوڕێك لەم لایەنەش دەدەینەوە. وەك ووتمان ئەوەی کەزیاتر جێگەی مەترسیە هەڕەشەوگوڕەشە کردنەکانی ترە کە لەپشت دیواری دەسەلاتی موتڵەقەوە مانۆڕی خۆی لێدەدات. سەرنج بدەن لەبارەی گۆڕینی ئەم سروودەوە بەڕێز بەرزانی دەڵێت: (... دەستکاری مەحالەو کەسیش بۆی نیە بیگۆڕێ وهەر کەسیش لەمەودوا ئەو بابەتە بوروژێنێ بەخۆی تەحەمولی مەسئولیەت دەکات...) پاشان هاوکات فەرمانیش بە پەرلەمان دەدات کە: پێویستیشە پەرلەمانی کوردستان ئەو سروودە وەك مارشێکی نەتەوەیی بکاتە یاسا تاکەس نەتوانێ داوای گۆڕینی بکات). ئەوەی کەبەرۆشنترین شێوە لەم ڕونکردنەوەیەدا خۆی نمایش دەکات، بەکارهێنانی شێوازی خاوەنداریەتی دەسەلات وخۆ لەسەرو نیشاندانی هەموو نیهادو حزب وپەرلەمان وحکومەتەوەیە. ئەم بۆچونە**

بەڕۆشنی دەسەلاتی خۆی بەسەرچاوەی هەموو یاساو ڕێسایەك دادەنێت ونەك تەنیا خۆی بەباوکی هەموو ڕۆلەکانی تر نازانێت ، بەڵکو خۆی بەمەرجعیەتی متلەق ودواین ئێستگای دەسەلات وحزب وحکومەت وپەرلەمان دەزانێت، بۆیە ئەوە بەفەرز وەردەگرێت کە پاش ڕونکردنەوەکەی پێویستە پەرلەمان فەرەمانەکەی جێبەجێ بکەن وسروودی ئەی ڕەقیب بکەنە مارشێکی نەتەوەی بەشێوەیەکی یاسای، بێگۆمان خۆ لەشکری پەرلەمانیش ناکرێ ڕێگەیەکی تر بگرنەبەر زیاتر لەوەی کەپاش چەند ڕۆژێك ئەم فەرمانەی سەروخۆیان جێبەجی بکەن !

جێگەی خۆیەتی لێرەدا بەچەند گریمانێك ناوەڕۆکی "دیموکراسی" بوونی ئەم بۆچوونە بخەینە ڕوو: بۆیە دەڵێن گریمان هەموو ئەو هەڵوێست ولێکدانەوانەی کەهەن لەسەر سروودی ئەی ڕەقیب هەڵەن و بۆچونگەلێکی زۆر لاواز بێ ناوەڕۆکن وتەنها پەڵپ وبەهانە گرتنێکە بۆ هەڵپێچانی سروودی ئەی ڕەقیب و بێمانا نیشاندانی. گریمان هەموو خەبات وتیکۆشانی جەماوەری خەڵکی کوردستان وکوشتارو بێ سەروشوین کردنی دەیان وسەدان هەزار ئینسان تەنیاو تەنیا بەخاتری مانەوەی سروودی ئەی ڕەقیب بوو. گریمان قوربانیانی ئەنفال وهەڵەبجەو تەنانەت نەبوونی شیری منداڵان وسەرپەنایەك بۆ ژیانی ئەزیزانیان تەنهاو تەنها بەهیوای ڕەسمیەت پێدان بەسروودی ئەی ڕەقیب بووبێت. گریمان...

بەلام ئایا ئەوکاتە هیچ کەس لایەنێك بۆی نیە کە لێکدانەوە وتێگەشتنی خۆی لە بارەی ئەو ڕووداوانەو پرۆسەی ئەو خەبات وتیکۆشانەوە نیشان بدات. ئایا هیچ کەس ولایەنێك بۆی نیە کام گۆشە لەمێژووی ئەو خەبات وتیکۆشانە پرشندارەو کامەیان قیزەون ونائینسانیە نیشان بدات؟ ئایا خەڵکی کوردستان بۆیان نیە بڵێت خەباتی دەیان ساڵەی ئێمەو قوربانی دانەکانمان بۆ لە پیناوی رزگاربوون بوو لە ستەمی نەتەوەی و ژیانیانیکی شادترو وئینسانی تر، نەك تەنیا بەخاتری شەکانەوەی ئالاو مانەوەی سروودی ئەڕەقیب. وەلامی هەموو ئەم پرسیارانە بەپێی لێداونەکەی بەڕیز مسعود بەرزانی فـــایە . چونکە لە ڕوانگەی ئەوەوە ئالاوسروودی ئەی رەقیب...بۆتە بەشێك لەفەرهەنگ ومێژووی پڕ سەروەری گەلی کوردستان و...تێکەڵ بووە لەگەڵ موقەدەساتی ئێمە، بۆیە دەستکاری مەحالەو کەسیش بۆی نیە بیگۆڕێ وهەر کەسیش لەمەودوا ئەو بابەتە بوروژێنێ بەخۆی تەحەمولی مەسئولیەت دەکات. هەربەپێی ئەم لێدانەوەو دەستووردانە نەك هەر هاولاتیەکی ئاسای وهیچ ڕۆشنبیرو نووسەرو سیاسەتمەدارێکی دەرەوەی هۆڵی پەرلەمانە خەوالوەکەی حکومەتی هەریم، بەڵکو تەنانەت هیچ پەرلەمانتارو" فراکسیون وحزب و لایەنێکی نێو پەرلەمانیش بۆی نیە باس لەگۆڕینی هیچ یاسایەك بکات ونەڕۆژێك لەڕۆژان خوانەخواستە زاری بەلای گۆڕینی سروودی ئەی ڕەقیبدا بچەرخێت. ئەمە گۆشەیەك لەترۆپکی ئەو دیموکراسی وسەروەری یاساییە کە ڕۆژانە گوێبستی دەبین وەك نموونەی پیشکەوتوانەترین دەسەلات لە ناوچەکەدا. لەکاتێکدا لەهەر گۆشەیەکی دنیا ئەگەر ماف وئازادیە فەردی ومەدەنیەکانی تاك دەستەبەرکرابێت، ئەوا ئاسایترین دیاریدە ڕەخنە گرتن وخواستی گۆڕین یا هەلپێچانی هەریاساو ڕێسایەکە. بۆ ئەمەش ڕۆژانە زۆرێك لەئێمە لەم ولاتانەدا گوێبیستی لێکدانەوەو ڕەخنەی هاولاتیانین بۆ گوڕینی فلان یاساو فلان بڕیاری حکومی... بەبێ ئەوەی نەبیر لەهیچ سزادانێك بکەنەوەو نەشان بدەنە ژێر باری تەحەمولکردنی هیچ مسئولیەتێك. بەلام لەڕوانگەی سەرۆکی هەرێمەوە هەر شتێك کە بوو بەیاسا ئیتر ئەوە جێگە قسەکردن وهەلوێست وەرگرتن نیە، بەتایبەتی ئەگەر مەسەلەکە سروودی ئەی ڕەقیب وئالای کوردستان بێت ئەوە هەر" لایجوز"ە، چونکە ئەو دووانە لەبازنەی مقەدەساتی نەتەوەیدان قسەکردن لەسەریان ئیمکانی نیە !؟.

<u>مقەدەساتی نەتەوەی ، یانی پاراستنی بەرژوەندی چینە دەستەلاتدارەکان !</u>

بەرلەهەرشتێك ئەوە بڵین یەکێك لە تایبەتمەندیە هەرە سەرەکیەکانی ناسیونالیزم کەخۆی بەرژوەندیە چینایەتیەکانی خۆی لەسەر دەپارێزێت، بەپیرۆز لەقەلەمدانی خاك ونیشتمان وناساندنیەتی وەك ترۆپکی مەزنترین وبالاترین ئەو دیاریدانەی کە پەیوەندی بەژیان وژان ومەرگی هەموو تاکەکانی کۆمەلگاوە هەیە. هەرلێرەوە پێداگرتنی ئەم بزوتنەوەیەوحزب وڕێکخراو کەسایەتی وشاعیرو ئەدیب ونووسەرەکانی لەسەر مەزنی و پاراستنی مێژوو گەڕانەوەیە بۆ باوەشی ڕابردوو، لەگۆڕنانی ژیانی ئەمڕۆی ئینسانەکان وپەنابردن بۆ ڕووداوکارەسات ومەرگەسات و تراژیدیاکانی رابردو دەبێتە داینەمۆی پاکانەکردن وبازدان بەسەر لاشەی هەموو ئەوانەی کەئەمڕۆ دەیانەوێت وەك ئینسان بژین. بەتایبەتی لەکاتێکدا کە سەرنجی حزبە دەسەلاتدارەکانی ئەم بزوتنەوەیە دەدەین لەکوردستان، دەبینین کەچۆن شانی خۆیان خاڵی کردوەتەوە لەبەرامبەر بەژیان وبەهاوخۆزگەو ئارەزوەکانی ڕۆژانەی جەماوەر. بۆیە ئیتر بالۆرەوپیاهەڵدانی ئەو مێژووە دەبێتە ئامانجی سەرەکی بۆ پەردەپۆشکردنی واقعی ژیانی ملیونەها ئینسان لەم کۆمەلگایەدا لەژێر ناوی بەرژەوەندی نیشتماندا. سەیرەکە لەوەدایە کە ئینسان بۆ هەلبژاردنی شوێنی لەدایك بوون واتە ئەو نیشتمانەی کەباسی دەکەن هیچ ئختیارێکی لەبەردەستانیە بەڵکو زیاتر لەهەرشتێك جەبرێکە بەدوور لەهەر ئیرادەیەکی ئینسان خۆی. هەر لەبەرئەوە شانازیکردن بەوەی کە لەکوێ لەدایك بوویت و چ زمان وفەرهەنگ وولاتێکت هەیە، کاریکی پوچ وبێ بایەخە !

بەهەمان ئەندازە نەکوردبوون نەعەرەب بوون ونەئەوروپی بوونیش هیچ جێگەی شانازیکردن نیە چونکە ئینسان بۆ خۆی هیچ دەورێکی نەبووە لەوەی کە لەکوێ لەدایك دەبیت. بۆیە هەرجۆرە شانازی کردنێکی لەوجۆرە سۆزێکی داتاشراو فریوودەرانەیە کە تەنها چینە دەسەلاتدارەکان دەزانن چۆن لەبەری بخۆن ! هەقیقەت ئەوەیە کە کێشە سەرەکیەکانی ژیان لەسەر بنچینەی شوێنی لەدایك بوون یا ئەوەی کەپێی دەڵێن میللەیەت وقەوم وزمان ونژاد ونیشتمان چارەسەرناکرێت، بەڵکو تەنیا درۆو ڕیاکاری وپلانی چینە دەستەلاتدارەکانە کەدەیانەویت لەم ڕێگەوە کێشە واقعیەکانی کۆمەلگاو ئەو دابەشکردنە چینایەتیەی کۆمەڵگای بەسەر زۆرینەو کەمینەدا، پێ کەمڕەنگ ونادیار بکەنەوەو هەمووان لەژێر چەتری بەرژوەندی نیشتمان وخاك وئاوقەوم ونژادو فەرهەنگ ومیللیەتدا کۆبکەنەوە، تا زیاترین سوودو سەرمایەی لێ بەدەست بهێنن !

ئەمە جیاواز لەوەی کە هەموو ئەو دیاریدانەی لەچەشنی، فەرهەنگ، نژاد، میللیەت وکلتورو...لەقەلەمڕوی سیاسەتدا هەمیشە ئالۆ گۆریان بەسەردا هاتووە ! هیچ یەك لەو دیاریدانە عبارەتێکی ئەزەلی نین ، بەرهەمی مێژوون وەك چۆن پەیدا دەبن بەهەمان شێوەش لەنێودەچن یا

گۆڕانیان بەسەردا دێت . هەموو ئەوانە دەسکردو بەرهەمی کاری ئینسان خۆیەتی وگەورەکردنەوەی وێنەی هەریەك لەوانە بەمەبەستی ڕەسمیەت پێدان بەنازنامەیەکی دروستکراوە کەیەکیەتی یان تەزادی نێوان ئینسانەکانی لەسەر بنیاد دەنرێت. کەئەمەش کارێکی ئامانجداری چینە دەسەلاتدارەکانە بۆ داکۆکیکردن لەبەرژەوەندی چینایەتی خۆیان ، تا لەسەر ئەساسی ئەو جیاوازیانە سوودوسەرمایە کەڵك بکەن . بەتایبەت ئەوەی کەلەمباسەدا پانتایەکی زیاتری داگیرکردوە نەتەوەو میللەت ومیللەتگەرایە، کەڕاستەخۆ بەرهەمی ناسیونالیزمە . چونکە ناسیونالیزم زۆر ووشیارانە دەزانێت چۆن قەموپەرستی ومیللەتگەرای بکاتە کاڵایەك بۆ بەدەستهینانی سەرمایەیەکی هەرچی زیاتر . ناسیونالیزم وەك ئایدلۆژیاییەکی بۆرژوایانە قەومگەرای دەکاتە ئەو چەترە گشتگیرەی کە دەورو چۆنیەتی ژیان وماف وئازادیەکانی تاکەکانی کۆمەڵگاو تەنانەت چین وتوێژەکانیش خاڵی لەهەر مانایەك دەکاتەوەو لە ژێر ناوی نەتەوەپەرستی ونیشتمان پەروەریدا ئاراستەیان دەکات بۆ ئەو ئێستگایەی کەزۆرترین هێزی کاری بۆ بەدەستهینان وخڕکردنەوە هەرچی زیاتری سوودوسەرمایە. ئالێرەدایە بەمقەدەس نیشاندانی سروودی ئەڕەقیب وئالای کوردستان دەبیتە ئامانجێکی "مەزن" کە گرانترین و پڕبایەخترین بەها بەخۆیانەوە دەبینن !

ڕێگەبدەن بالێرەدا ڕۆشنتر سەرنجتان بۆ گۆشەیەك لەبەرەکەتی بە مقەدەس نیشاندانی سرورودی ئەی ڕەقیب ڕاکێشم و بزانین کێ لە سایەی سرورودی ئەی ڕەقیب وبازاڕی کوردایەتیدا دەبنە ملیاردێر . کاتێك کە بۆماوەی نزیك بە دەهەیەك گومرگی برایم خەلیل دەبێتە ئەو ئێستگایەی کە ڕۆژانە 300 ملیۆن دۆلار دەستکەوتی دەبیت بەپێی ڕۆژنامەی میللیەتی تورکی....دەسکەوتی هەبێت کە بێگۆمان هەمووشمان دەزانین ئەم دەسکەوتە ڕاستەوخۆ دەچێتە گیرفانی کێوە ، ئیتر ئەو کاتە شتێکی ئاساییە کە کەنالەکانی ڕاگەیاندن مزگێنی ئەوەمان بدەنێ کە بەڕێز نێجیرڤان بەرزانی ببێتە یەکەمین تاجری خۆرهەلاتی ناوەراست . هەربەومانایەش نابێت بەلامانەوە جێگەی سەرسووڕمان بێت کاتێك کە کەناڵە عەرەبی زمانەکان هەواڵی دەست بەسەرداگرتنی 800 ملیون دۆلاری بەڕێز مسعود بەرزانی دەدەن لەلایەن حکومەتی لبنانەوە بەبێ ئەوەی کە هیچ کەس خۆی بکاتە خاوەنی ئەو مقدارە پارەیە . بۆیە لە ڕاستیدا ئەوەی کە لەپشت هەریەك لەو چەمك وتیکستانەی وەك میللەت ونیشتمان و..کاردەکەن بەرژەوندیەکی چینایەتیە کە دەریایەك سەرمایەی لە کەناردا کەڵەککراوە. هەرلێرەشەوە تێگەشتن لە ناوەڕۆکی ئەو پەیامەی بەڕێز مسعود بەرزانی ئاسانە کەماوەیەك لەمەوبەر ووتی: ( دەبێت هەولێر بکرێتە دوبەی ). ڕاستە بەلام بۆ کێ وکی لە سایەیدا بەختەوەر دەبێت؟ مەگەر هەر لەم هەولێری پایتەختەدا نیە کەئەمڕۆ خەڵکی بۆ بژیوەی ژیانی مندالەکانیان پەنا دەبەنە بەر فرۆشتنی گورجیلەی خۆیان ؟ مەگەر هەر لەو سلیمانیەی کە بەڕێز جەلال تالەبانی شانازی پێوە دەکات ودەڵێت تەنیا لە سلیمانی 20 میاردێر وزیاتر لە 2000 ملیونیر هەیە . خوێندکاران لەبەر سەرماو بێ سووتەمەنیدا هەڵنالەزێن وخەڵکی بەرمیلی نەوت بە دووسەد دۆلار ناکڕن ، واتە زیاتر لە معاشی مانگێکیان . ئیتر با جیاوازی کۆشکەکانی فیرعەوناواو پرۆژەو کۆمپانیاکانی دسەلاتداران وسیمای گەڕەکانی کانی سپیکە ناکەین. ئەمە گۆشەیەك لەژیان بەرژەوەندی واقعی ئێوەی دەسەلاتداران وئەوەش ژیانی واقعی کریکارانی تاسلوجەی کە بەتاوانی خوازیاری ژیانێکی باشتر بەچەك وکوشتارو سەرکوت وەلامتاندانەوە . ئێمە دەبینین کە چەندین ساڵە ئەم نیشتمانە بۆ ژنان بووتە کوشتارگەو بۆ لاوان بووتە گەڕان بە دوای ماناکانی ژیان ولەکۆلنانی مەرگەساتی هەندەران، بۆ زۆرێك لەدایکان وباوکان وکرێکاران وفەرمانبەرانیش بووتە خەونی دەستەبەرکردنی ئاو کارەباو سووتەمەنی وخۆراك وپۆشاك. کەچی دەبینین کەچۆن لە نیو ئەوجیهانە کۆڵمکراوەو فریودەرانەدا دەسەلاتداراندا دەیانەوێ بڵێن کە "سرورودی ئەی رەقیب" نانە، ئاوە، کارەبایە، سووتەمەنیە، ئازادیە، شیری مندالەکانمانە، بەختەوەری وبەرابەریە. بەلام ئایا ئەم ڕەوشتانە ئیتر هیچ مانایەکی هەیە جیاواز لەوەی کە دەسەلاتداران دەیانەوێت لە ڕێگەی ئەم سیناریۆ تراژیدیانەوە پەردەپۆشی ماف وئازادیەکانی خەلکی کوردستان بکەن . جیاواز لەوەی کە بەمقەدەس نیشاندانی ئەو میراتە کلتووریە بۆ ئەوان هەوڵێکە بۆ سڕکردن وپەلکێشکردنی نەوەی نوێ بۆ باوەشی نیشتمانێك کەنامۆیە بەخواست وئارەزوەکانی ئەوان،بەمعنات وخەونەکانەکانیان. نیشتمانیك کەئێوەی لەسایەیدا سەردارو سەروەتمەندن وئیمەش لەسایەیدا بێ کارەبا، بێ سووتەمەنی، بێ ماف وئازادیەکانمان  ئەوکاتە ئەی ڕەقیب بۆ ئێوە نەك هەر پیرۆز هەموو شتێکەو بۆ ئیمە تەوقێکە لەگەردنمان و پیویستمان بە خۆ ڕزگارکردن هەیە لێی.

ماوەتەوە ئەوە بڵێن دیاریدەیەك کە ئەمڕۆ جێگەی خۆشحالی وهیوایە ئەوەیە کە ئەمڕۆ لە کوردستان نەوەیەك هاتووەتە مەیدان کە هەروەك چۆن مەزهەب بە کارێکی شەخسی ئینسانەکان دەزانن بەهەمان شێوە قەومیەتیش بەکارێکی شەخسی چاولێدەکەن وچیتر نایانەوێت لە باتی دەستڕاگەشتن بەماف وئازادیەکانیان بەخواست وئارەزوەکانیان ، تەمەنێکی تر بەدیار مقەدەس بوون ونەبوونی سرورودی ئەی ڕەقیبەوە ژیان بەسەربەرن ودەسەلاتداران وسەرکردەکان حزبە ڕەنگاو ڕەنگەکانیشان لەپێشبرکێی بە دوبەی کردنی کوردستان و لاف وگەزاف لێدانی پەرەسەندنی ملیاردیرەکاندابن . کەواتە ئەوەی ماوەتەوە بیلێن ئەوەیە گەر خەڵکی کوردستان خوازیاری ژیانێکی باشترن و ناڕازین بەو هەموو سووکایەتی پێکردن و بێبەشکردنیان لە مافە سەرەتایەکانی ژیان ، ئەوا تەنها ڕێگە درێژە پێدان وسەرتاسەری کردنەوەی ئەو مانگرتن و خۆپیشاندانانەیە کە ساڵی پار خۆی کشانە هەموو شارو شارۆچکەکانی کوردستان لە پێناوی دەستەبەرکردنی ماف وئازادیەکانیان و ژیانیکی شایستە بە ئینسان بۆ هەمووان !